# له داپیرەزینۆی تەنەکەوە بۆ پورە غوربەتی کەرکوک ٤



**نەرمین کچی حاجی قادری حاجی یونس بەگی محەمەد بەگی ئەحمەد بەگی قادر بەگە. لە سـالّی (١٩٦٢)لە شـاری سلێمانی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، بنەماڵەی باپیری لە دامەزرێنەرانی گەڕەکی کانیسـکانی شـاری سلێمانی بوون کەلە سورگان و سوتکەوە لەگەڵ دارشـمانییەکان هاتوونەتە شاری سلێمانی. خاتوو نەرمین ساڵی (١٩٨٠) رووی کردۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سـلێمانی و(١٩٨٥_١٩٨٦) بڕوانامەی بەدەست هێناوە و بووە بە مامۆسـتا. خاوەنی چەندین شاکار و کاری هونەی ناوازەیە و تاکو ئێستاش لە کاروانی هونەری بەردەوامە.**

### یادگاریە پڕلە ئازار و مەینەتیەکانی بنەماڵەکەی

بنەماڵەی هونەرمەند بنەماڵەیەکی خاوەن خەبات و کورد پەروەر بوون، مامێکی بەناوی عومەر لە ساڵی 1962 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کە پێشمەرگەی ئەیلوول بوون لە سـەردەمی (زەعیم صدیق) رەمی کراون لەحامیەی شـاری سـلێمانی. ناوی باوکی نەرمین (قادر) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی برای باپیری نەرمین کە رۆیشتووە بۆ شەڕی سەفەر بەرلەك لە جەنگی یەکەمی جیهانی نەگەڕاوەتەوە. ئەندامانی خێزانی نەرمین لەسـەرجەم قۆناغەکانی خەبات و شۆڕشـی کوردایەتی بەشـدار بوون، مام و خاڵەکانی هەموو لەشاخ بوون، هەروەها چەندەها جار تووشی ئازار و ئەشکەنجە بوون لەلایەن رژێمی بەعسی فاشی، برای هونەرمەند لەقۆناغی چواری کۆلێژی ئاداب- فەرەنسی لەبەر هەڕەشەو گوڕەشەکانی رژێمی بەعس واز لە خوێندن دێنێ.

### حەزو خولیام پارێزەری بوو

لەپرسـیارێکماندا کە ئاراستەی خاتوو نەرمینمان کرد. ئایا رێکەوت یان حەز (نەرمیـن)ی هێنایە نـاو دنیای نواندنەوە؟ وتی: حـەزو خولیای من ئەوە بـوو ببمە پارێزەر تا یەکسـانی و دادپەروەری لە شـارەکەمدا پەیڕەو بکەم، ئەم هەسـتەش لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرەی سیستەمی رژێمی بەعسەوە لام دروسـت بوو، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی، چونکە خوێندنی کۆلێژ ئەوسـا لە بەغداد بوو ئیمزای بەعسـی بوونیشـی دەویسـت، دەبوو ناوی دوو سێ پێشـمەرگە بدەی ئینجا دەتتوانی بخوێنیت. سەبارەت بەنواندن لە منالّیمەوە حەزو خولیای هونەریم هەبووە، شەوانە دایکم و باوکم و ئەندامانی خێزانەکەم کـۆ دەکردەوە و عەباکەی نەنکمم ئەدزی و لاسـایی ژنی گەڕەکم لەیەکەم ماڵەوە تا ئەخیر ماڵ دەکردەوە. دەمویسـت ببم بەپارێزەر و هونەرەکەشـم پەیڕەو بکردایە.

### تەها خەلیل منی لەجیهانی هونەردا دۆزیەوە

یەکەمین شـانۆی خاتـوو نەرمین (قوتابـی دواکەوتوو) بـوو لەدەرهێنانی هونەرمەندی گەورەو بەتوانا (تەها خەلیل) لە سـاڵی (1977) کە لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکانی شاری سلێمانی نمایش کراوە، کە خاتوو نەرمین تیایدا رۆڵی دایکی قوتابییەکی تەمەڵی بەرجەستە کردووە. لەم بارەیەوە خاتوو نەرمین وتـی" (رۆژێك هونەرمەنـد تەها خەلیل هات بۆ ناوەنـدی خانزاد وتی: کێ تەمسیل جوان دەکات؟ وتیان نەرمین، پاشان تاقیکردمەوە و دەستنیشانی کردم). پاشان چوومە پەیمانگاو لە چەندین کاری ناوازە بەشداریم کردووە وەك (پۆنتێلا و ماتی، ئەفجینیا لە ئۆلێس، ئەو پیاوەی بوو بەسـەگ، تەنەکە، پەیکەرتاش، جەنابی وەزیر، سنووارداش، گۆڕستانێکی نوێ....)

### وتم: ئەی نیشتمانی خۆشەویست

خاتـوو نەرمین هەروەهـا دەڵێ: دوای ئەوەی پەیمانگام تـەواو کرد براین بۆ چاوپێکەوتن بۆ ئەوەی ببین بە مامۆسـتا، چاوپێکەوتنەکە لە ئەمنە سورەکە بوو، دەبوو ناوی پێشـمەرگەمان بدایە ئینجا دەریـان دەچواندین، یەکەم کەس چوومە ژورەوە بۆ چاوپێکەوتنکە و پێیان وتم: موخەریب بە موخەریب ئەناسیت ناویمـان پی بڵێیت؟ منیش وتـم موخەریب لە کوردا نییە ئەوەشـی بیەوێت تەخریبـات لە وڵاتی ئێمەدا بکات تورك بێت عـەرەب بێت فارس بێت قاچی دەشکێنین، پاشـان دەریانکردم. بۆ رۆژی دواتر مامۆسـتاکەم پێیوتم بۆچی ئـەوەت کردووە؟ وتی دەبێ دەوری دایکـی عەرەبی ببینی بۆ ئەوەی نەتخەنە



ژێر چاودێرییەوە و کێشەت بۆ دروست نەکەن. ئەوەبوو دەورەکەم وەرگرت، بەڵام پێیان وتم لە کۆتایی شـانۆیەکە کە بڵێم (عێراقی خۆشەویست) نەك نیشتمانی خۆشەویشت منیش وتم بەسـەر چاو، بەڵام کە گەیشتە کۆتایی نمایشـەکە راستەوخۆ وتم نیشتمانی خۆشەویستم هەموو ریزی دواوەی هۆڵەکە کە پێشـمەرگە بوون لە شاخەوە هاتبوون چەپڵەیان بۆ لێدام. ویستیان لێیپێچینەوەم لەگەڵ بکەن، وتم وەڵا ئێوە واتان وتوە.

**شانۆی تەنەکە زۆر لام خۆشەویستە**

دەربارەی شـانۆگەری (تەنەکە)ش دەڵێ: شانۆگەری تەنەکە لە نووسینی یەشار کەمال، دەرهێنانی مامۆسـتا ئەحمەد سالار بوو. ئەو شانۆگەریە بە زمانێك بوو کە داوای مافی کوردی دەکرد. دەورەکەی من داپیرە زەینەب بوو سـێ مانگ لە سـلێمانی و 15 رۆژ لە هەولێر نمایشـمان کرد. بیرمە پێشمەرگە لە شاخەوە دەهاتن بۆ سەیرکردنی شانۆی تەنەکە. بەڕێوەبەری ئەمن لەکاتی نمایشـی شـانۆکە لە هەولێر لەسـەرەتای دەستپێکردنی هەستایە سـەرپێ و وتی: ئەمە موزاهەرەیە یاخود شانۆگەریە. منیش وتم (شانۆییە. شانۆییە، دانیشە) پاشـان چەندین شانۆیی ترمان نمایش کرد، بەڵام ئەوکات ئەکتەر و بینەری خۆی هەبوو، بوترایە فلان ئەکتەر لەو شانۆیەدایە هەرچی بینەری ئەو شانۆیانە بوو دەچوو بۆ سەیرکردنی.

شانۆگەری تەنەکە بۆ من زۆر تایبەتە، چونکە بینەرێکی زۆر گەورەم هەبوو بۆیە قەت بیرم ناچێتەوە و دەورەکەشـم زۆر لا جوان بوو، دەورەکە ژنێك بووم لەسـەر خاك و ئاوی وڵاتەکەم بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو کاتە وەستابووم، ئەوە بۆ من زۆر گەورە و جوان بوو.

**دەرهێنەری باشمان نییە**

دەربارەی ئەو کەموکوڕیانەی بەدی کردوون لەسـەر بارودۆخی ئێسـتای هونەری، خاتوو نەرمین دەڵێ: دەقی باش و دەرهێنەری باشـمان نییە، ئەگەرچی ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام ناتوانن تواناکانیان بخەنەگەڕ، چونکە ژیان ئەوەندە قورس بووەو هەر بەدوای ژیاندا رادەکەین، ئەوەندە خەریکی کارەکانی رۆژانەین بۆ ئەوەی فریای ژیان و منداڵەکانمان بکەوین ئەوەندە خەریکی هونەر و خۆ ئەکادیمی کردن نین. ئەگەرچی جاران ژیانیش قورس بوو، بەڵام ئێمە لە خەمی کوردایەتیدا بووین، بۆیە بۆمان گرنگ نەبوو. هەر لێرەشـەوە گلەییم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە جاران مووچەیەکی هونەریمان هەبوو، بەڵام ئەوەشـیان بڕی. ئەگەرچی رێکراوی هونەرمەندانمان هەیە، بەڵام تاکو ئێسـتا نەیتوانیوە ئەو گرفتە چارەسەر بکات، هۆکاری ئەوەیە هونەر لە وڵاتی ئێمە دواکەوتووە. داواکاریشـم بۆحکومەتی هەرێمی کوردسـتان ئەوەیە کە گرنگی بدات بە بواری سـینەماو کۆمپانیای تایبەت بەو بوارە بکەنەوەو بودجەی تایبەت تەرخان بکات بۆئەوەی ئێمەش بگەینە گەلانی جیهان، هەروەها چەند فیستیڤاڵی رێزلێنان سازبدرێت بۆ هونەرمەندان بۆ هاندانیان تا کاری جوانتر پێشکەش بکەن. تائێستاش چەندین جار لەگەڵ ستافی بەرنامەی بەرنامە دەعوەتی بەڕیز سەرۆك کۆماری عێراق (مام جەلال) بووم کە ئەمە گەورەترین خەڵات و رێزە بۆ من.

**کۆمیدیا دەبێت مخاتەبەی ئەقڵ بکات**

خاتوو نەرمین هەروەها دەڵێ: کۆمیدیا هونەرێکی جوان و تایبەتە. دەبێت ئەو کارە کۆمیدیەی پێشکەش دەکرێت کۆمیدیایەکی ئامانجداربێت، بەڵام ئەمەی ئێسـتا هەمووی بووەتە قسـەی بازاڕ، بینەری شانۆ لە شانۆی ئەکادیمی تۆراوە. بینەری ئێستا روو دەکەنە ئەو شانۆیەی قسـەی بازاڕی تێدایە، بۆخۆی شـانۆی کۆمیدیا مخاتەبەی ئەقڵ دەکات، کەچی تراژیدیا مخاتەبەی سۆز دەکات، بەڵام لای ئێمە کۆمیدیا مخاتەبەی پێکەنین دەکات و جگە لەوەش کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر پەروەردەی کۆمەڵگە. شانۆی کوردی ئێستا بەرەو هەڵدێر دەڕوات، بۆیە بینەریش لێیی دوور دەکەونەوە، چونکە ئەو شـانۆیە قسـەو رستەی ناشیرینی تێدایە. ئیتر بینەر چۆن نەوەی ئەمڕۆ دەباتە ناو شانۆیەکان. ئەگەر هەرچ بەرهەمێکی کۆمیدیش پێشکەش بکرێت، ئەوا پێویستە پەروەردەیی بێت.

**لە کەرکوك فۆردا بەشدارم**

ئێستا لە کەرکوك فۆر لەگەڵ دەرهێنەری بەتواناو خاوەن ئەزموون (ناسرحەسەن) کار دەکەم و رۆڵی (پورە غوربەت) بەرجەستە دەکەم کە دایکێکی جەرگ سووتاوە و کوڕەکەی لە سێدارە دەدەن. لە بەشی یەکەمی دراماکەدا 15 ئەڵقەم تۆمارکردووە. بۆ 15 ئەڵقەکەی تریشی(کاك ناسر)پێی وتومەتەوەو فەرمانی وزاری بۆ وەرگرتووە و کاری وێنەگرتنی بۆ دەکەین لەساڵی داهاتـوودا. کەرکوك فۆر باس لە هەرچوار نەتەوەکەی کەرکـوك دەکات، باس لەوە دەکات کە چۆن هەر چوار نەتەوەکە لەگەڵ یەك ریخۆڵە رژاوبوون. باسی حکومەتی بەعسی فاشی دەکات.

**ئەوەندەم مەینەتی بینیوە بەشی سیناریۆیەك دەکات**

هەمیشە ژیان پڕیەتی لە ناخۆشی و مەینەتییەکان، بەڵام مرۆڤی سەرکەوتوو ئەو کەسەی بتوانێت بەسەر هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی ژیاندا سەربکەوێت. زۆرماندووم لە ژیان، چونکە من دایك و باوك و ژن و پیاوی ماڵەوەم، ژیانم هەر راکردنە ئەوەندەم قورسیی ژیان چەشتووە بەشی سیناریۆیەك دەکات.

**هاوسەرەکەم خۆشدەویست**

لەکۆتاییـدا دەربارەی ژیانی تایبەتیشـی خاتوو نەرمین وتـی: لەگەڵ هاوسـەرەکەم زۆرمان یەکتر خۆشدەویسـت، بەداخەوە تەنیا سێ ساڵ بەیەکەوە بووین. شەهید بوو. هاوسەرەکەم زۆر هاندەرم بوو. لە نووسینی سیناریۆشدا دەستێکی باڵای هەبوو، شانۆگەریەکیشمان کرد بەیەکەوە بەناوی(فەرەج دەبێت بگەڕێتەوە) لەنووسـینی هاوسەرەکەم و دەرهێنانی خۆم بوو. دوو منداڵم هەیە بەناوەکانی (ئیروان) کوڕەکەمە و کچەکەشم ناوی (لۆلان)ە. لۆلان لەکاری نواندندا زۆر سەرکەوتووە. ئێستاش پێکەوە دەژین و ژیانێکی خۆش و تایبەتمان هەیە.







# مۆنیکا پیلۆشی کتێبێکی خۆی بڵاو دەکاتەوە



خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئیتاڵی مۆنیکا پیلۆشی کتێبێکی خۆی بە ناونیشانی Monica Bellucci by Monica Bel-<lucci لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا مۆنیکا باس لە چەند لایەنێکی ژیانی خۆی دەکات و سەدان وێنەی جۆراوجۆری قۆناغە مێژووییەکانی ژیانی هونەری خۆی تێدا دەبینرێت، هەروەها دەرهێنەری ئیتاڵی جۆسیبی تۆرناتۆ پێشەکی بۆ نووسیوەتەوە.

شایەنی گوتنە مۆنیکا یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین ئەکتەرەکانی ئیتاڵیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەشداری لە چەندین فیلمی جیهانیدا کردووە.



## جۆلیا رۆبێرتس ئافرەتی ساڵە

خانمە ئەکتەری ئەمریکی جۆلیا رۆبێرتس خەڵاتی (ئافرەتی ساڵی) بەدەستهێنا، شایەنی گوتنە ماوەی 20 ساڵە کە رۆژنامەی گلامۆر ئەم خەڵاتە دەبەخشێتە ئەو ئافرەتانەی کە رۆڵێکی دیاریکراو وبەرچاویان هەیە لە بوارە جیاجیاکان و چەند پێوەرێکی دیاریکراویان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئافرەتانەی کە رۆڵیان هەبووە لە بوارەکانی خۆیان.

# مایلی سایرۆس نموونەیەکی خراپی هەرزەکارانە



دوای ئەوەی مایلی سایرۆس کچە گۆرانیبێژ بە ئاشکرا بیرەی خواردەوە، هەروەها لە یانەکانی شەوان جلوبەرگی زۆر سەرنجراکێش و نیمچە رووتی لەبەر کردبوو، ئێستا دووچاری هەڵمەتێکی توندی رەخنە بووەتەوە.

بیرە خواردنەوەی بۆ کچێکی تەمەن 17 ساڵ بە سەرپێچی دانانرێت، بەڵام جایمس کۆبل سەرۆکی پەیمانگای وشیار کردنەوە لە ماددە کهولیەکان پێی وایە ئەم کارەی مایلی دەبێتە هۆی ئەوەی ببێت بە نموونەیەکی بەد و خراپ بۆ هەرزەکاران بەتایبەتی ئەوانەی زۆر حەز لە گۆرانییەکانی دەکەن و بە نموونەیەکی بەرزی خۆیانی دەزانن، بۆیە سایرۆس دووچاری رەخنەیەکی توند بۆوە لە ئیسپانیا و هەندێك وڵاتی دیکە.

سەرەرای ئەم رەخنەیەش سایرۆس هەفتەی رابردوو خەڵاتی بەدەستهێنا.

# کریستینا: ئافرەت خاوەن هێزێکی لەبن نەهاتووە



گۆرانیبێژی بەناوبانگ کریستینا ئەگویلیرا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی توانیویەتی سەرکەوتوو بێ لەنێوان ئەرکی خۆی وەك دایکێك و بەردەوامی دان بە کارە هونەرییەکانی.
ماڵپەری کۆنتاکت میوزیك لەم بارەیەوە لەسەر زاری کریستینا رایگەیاند کە ئێستا خەریکی پەروەردەکردنی کوڕەکەیەتی کە تەمەنی دوو ساڵە ئەمەش وایلێکردووە زیاتر لە جاران ماندوو ببێت و کاتی خۆی دابەش بکات لەنێوان ئەرکەکانی ماڵەوە و کارە هونەرییەکانی بەتایبەتی ئەنجامدانی گەشتە هونەرییەکان،
کریستینا هەروەها دەڵێ: لە تاقیکردنەوەکەی خۆمدا بۆم دەرکەوتووە کە ئافرەتان خاوەن هێزێکی لە بن نەهاتوون و توانای بەرگە گرتنی بارودۆخی جیاجیان هەیە، چونکە ئافرەت سەرچاوەی ژیانە بۆ منداڵەکانی.



## تینافای گەورەترین خەڵاتی کۆمیدیا بەدەست دەهێنێت

ئەلیك باڵدوینی ئەکتەری بەناوبانگ بەشێوەیەکی لەناکاو و بەنهێنی سەردانی ناوەندی کنیدی کرد بۆ پێشکەشکردنی بەرزترین خەڵاتی کۆمیدی بە تینا فای.
هەڵبژاردنی تینافای بۆ ئەم خەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ بینینی رۆڵی سارا بالین لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی (ساتردای نایت لایف)، ئەم خەڵاتە ساڵانە پێشکەش بەو کەسانە دەکرێ کە کۆمیدیایەکی هاوچەرخ و نوێ پێشکەش دەکەن و ساڵی پار بیل کۆسبی بەدەستیهێنا، رێکخەرانی خەڵاتەکە رایانگەیاند کە تینافای توانیی زۆر بە سەرکەوتوانە رۆڵەکەی خۆی بەرجەستە بکات و بووە هۆی داهێنانی زنجیرەیەکی دیکەی کۆمیدی بەناوی (تێرنی رۆك) کە لەویشدا رۆڵی پاڵەوانی بینی.

## لێدی گاگا خەڵاتەکانی ئێم تی ڤی کۆکردەوە



ئەستێرەی پۆپی ئەمەریکی "لێدی گاگا" توانی سێ لە گرنگترین خەڵاتەکانی ئێم تی ڤی بەدەست بێنێت، کە لە ئاهەنگێکی گەورەدا لە وڵاتی ئیسپانیا رێکخرابوو.
لێدی تەمەن 24 ساڵ لەم پێشبڕکێ ساڵانەی ئێم تی ڤی کە بۆ باشترینەکانی ئەوروپا ریکخراوە لە بواری میوزیك و گۆرانی توانی خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژ و باشترین نمایشی پۆپ و باشترین گۆرانی وەربگرێت، بەمەش جارێکی تر زاڵبوونی میوزیکی ئەمەریکی پیشاندا.

# عەلی کەریم: پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە

***دانیشـــتن لەگەڵ پیاوێكی خۆشەویســـتی وەك عەلی كەریم، تاموچێژێكی تایبەتی هەبوو،پیاوێك كە بەقەد گەورەیی دنیا لە خۆیی و كارەكتەری خۆی رازیەو پێیوایە مرۆڤ دەبێت لەخۆیدا خۆیی ببینێتەوە. پیاوێك كە تا ئێســـتاش پیربوونی خۆی لە گەنجێتیدا دەبینێتەوە و بڕوای وایە قەت پیر نابێت.  عەلی كەریم لەدایكبووی شاری كەركوكی خۆشەویستەو لەپاش نسكۆی شۆڕشـــی ئەیلول راگوێزراون و لە كەركوك گوازراونەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شـــاری ســـلێمانی، هەر لەوێش دەستیكردووە بـــەكاری هونەری. لەكۆتایی حەفتاكانەوە لەزۆربەی گۆڤار و رۆژنامە عەرەبی و كوردییەكان نووســـینەكانی بڵاوكردۆتەوە و خاوەنی چەندین كتێبی تایبەت بە بواری شانۆ و ئەزموونەكانی شانۆی كوردییە. خاوەنی دوو كچە بەناوەكانی تاڤ و ڤان و ئێســـتاش هەر لە ســـلێمانی ژیان بەسەر دەبات. گۆڤاری گوڵان لە شاری سلێمانی هونەرمەند عەلی كەریمی بەسەر كردەوە و ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا ساز كرد.***

***دیمانە/ ژینۆ عەلی***

كە رۆڵی كورە ئاغایەك دەبینم خۆ دەبێت لە دراماییەكی تردا رۆڵی سواڵكەرێك ببینم ئێمە كارەكتەری چین و توێژەكانی كۆمەڵگەین

*** هونەرمەندی سەركەوتوو كێیە؟**

- یـــەك خاڵـــی زۆر گرنـــگ هەیـــە بـــۆ دەستنیشـــانكردنی هونەرمەندی ســـەركەوتوو، ئەویش راســـتگۆییە لەوكاتەی دەیەوێ داهێنان بـــكات، هونەرمەند كاتێك بیەوێ ســـەركەوتوو بێ، دەبێ راســـتگۆ بێ لەگەڵ خۆی لەگەڵ كارەكتەرەكـــەی یان ئـــەو دیمەنـــەی یان ئەو رووداوەی ســـیناریۆكە بۆی نووســـراوەتەوە. بە سیناریۆی ســـەركەوتوو، ئەكتەری سەركەوتوو دروست دەكات هونەرمەندێك كە بیەوێ بەردەوام لەكارە هونەرییە كوردییەكان كاربكات، هەمیشە بەردەوام سیناریۆی باش دەخوێنێتەوەو گرێبەست لەگەڵ ئـــەو لایەنە بەرهەمهێنـــەرە دەكات كە ســـیناریۆی چاكـــی داوەتێ، چونكـــە چەندە سیناریۆكە جوان بێت و كارەكتەرەكانی سەرەكیی بن و جوانی دارِشتبێ، ئەكتەریش بەرامبەر ئەم كارەكتەرە دەتوانێ هەموو لایەنەكانی كارەكتەرەكە بدۆزێتەوە، هەموو رەهەندەكانی كارەكتەرەكە چ لـــەرووی كۆمەڵایەتی و جەســـتەی و فیكری هەبێت بیدۆزێتـــەوە، دەتوانێت ئـــەو كارەكتەرە بەرجەستە بكات.

*** رۆڵەكانت زیاتر جددییەتیان پێوە دیارە، دەتوانی رۆڵی كۆمیدیش بەهەمان ئاست بنوێنی؟**

- ئـــەوەی ئێســـتا لەكوردســـتان بەتایبەتـــی لەسلێمانی بەناو شانۆی كۆمیدییەوە پێشكەش دەكرێ، شانۆیەكن بۆ بازرگانی كردن، جا ئەگەر مەبەســـتت كۆمیدییە ئەو جـــۆرە كارەكتەرانە بن یـــان ئەو شـــێوە نواندنەبێ، نەخێـــر ناتوانم ئـــەوە بكەم، بەڵام نواندنـــی كۆمیدی بێت وەك شـــانۆی كۆمیدی كە باوە لە سەرتاسەری دنیا بەتایبەتی لەســـەردەمی گریكەكان تا دەگاتە ئەمـــڕۆ، دەتوانم بڵێم بەڵێ، دەتوانم بەشـــداری بكـــەم لە كارەكتەرێكی كۆمیـــدی ئەگەر وەك كارەكتەرێكی تراژیدی ســـەركەوتوو نەبم، بەڵام خراپ نابم، چونكە نواندنی كۆمیدی ئەوە نییە كە بـــەردەوام خەڵك بێنیتە پێكەنین، لەبەر ئەوە كاری كۆمیدی كارێكی زۆر قورسترە لە كاری تراژیدی.

***بۆچی نەبوویت بە دەرهێنەر؟**

- لەكۆتایی شەستەكان ئارەزووی زیاتری نواندنم هەبوو، لەگەڵ ئەوەش سەرگوزشتەی زۆرم هەیە. وەك بنەماڵە كەمدەرامەت بووم نەمتوانیوە رۆژانی هەینی ئەو پارەیەم دەســـكەوێ بچم بۆ سینەما سەیری فیلم كەم، تا ئەم ساتەش ئارەزووم نەبووە بۆ كاری دەرهێنان كارێكی قورسە. دەتوانم بڵێم كە توانای یـــەك لایەنم هەیە كۆنترۆڵی بكەم. ئەویش ئەكتەرییە ئەمە سەردەمی پسپۆرییە، یان ئەوەتـــا ببی بە ئەكتەرێكی باش، هەموو تواناو رۆحیەتی خۆتی بۆ تەرخان بكەی یان تووشی گرفت و ســـەرنەكەوتن دەبێ لە بەرهەمهێنانی كارێكی هونەری.

*** تۆ رۆڵی جوامێر ئاغـــات بینی لە فیلمی ژاڵە لەهەمان كاتـــدا هەندێك رۆڵی جیاوازترت بینی لـــەرووی كۆمەڵایەتییـــەوە وەك نادری موهەندیس لە خۆرنەوەزان، چۆن توانیوتە خۆت بگونجێنـــی لەنێوان كوڕە ئاغایەك و پیاوێك كە هەموو هەوڵی ئەوەیە منداڵەكانی لە خوێندن و ئەم سەردەمەی ئێستا دانەبڕێن؟**

- لەساڵی 1985 كە بەشداریم كرد لە فیلمی ژاڵە و بەسەركەوتوویی رۆڵی جوامێر ئاغام بینی، بە بەراورد لەگەڵ رۆڵی نادری موهەندیس كە خەمخـــۆری پێگەیاندنـــی رۆڵەكانی بوو زیاتر لـــە رۆڵەكانی تر هەموو ئەمانە بەمەبەســـتی ئەوەی كە بتوانێت جارێكی تر و سەر لەنوێ بە بەرگێكی تر ژیان بەرێتە ســـەر ئەم كارەكتەرانە بۆ ئەكتەری راســـتگۆ زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تووشـــی یەك شـــێواز نەبێ ئەو بەراوردەی یان ئـــەو توانایـــە دەگەڕێتەوە بۆ ســـەركەوتوویی و راســـتگۆی ئەكتەر لـــەو كارەكتەرەی بۆی دەستنیشان دەكرێت.

من كە رۆڵی كـــوڕە ئاغایەك دەبینم خۆ دەبێت لـــە درامایەكی تردا رۆڵی ســـواڵكەرێك ببینم ئێمە كارەكتەری چین و توێژەكانی كۆمەڵگەین ئەكتەری سەركەوتوو ئەو ئەكتەرەیە كە بەردەوام لە گۆڕانكاریدا بێ، ئەگـــەر هاتوو ئەكتەرێك بەردەوام بە یەك شێواز كاری نواندن ئەنجامبدات تووشی شكست دەبێت لە كارەكەیدا.





*** زۆر لەو کارانەی تۆ رۆڵیان تێدا دەبینی رۆڵی پیاوێکی خاوەن بڕوانامە و خانەدانە، زۆر بە ئاسایی باس لە خواردنەوە و سەرخۆشی دەکات، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە گرفتی بۆ دروست نەکردی؟**

- هەندێك دیمەن هەیە لە درامادا پێویستی بە خواردنەوە و مەستی ئەکتەر هەیە، نە یەکەم کەسم لە بەردەم کامێرا مەی بخۆمەوە نە دوا کەسیش دەبم نە یەکەم کەسم لە ژیانمدا بخۆمەوە و نە دوا کەسیش دەبم. ئەمە بەشێکە لە پێویستییەکانی ژیان و بەشێکە لە رەوشت و نەریتەکانی ژیانی هەموو میللەتان و هەموو مرۆڤایەتی. جا هەست ناکەم لە زنجیرە درامایەکی 30 ئەڵقەیی ئەگەر لە دیمەنێکدا یان چەند دیمەنێکدا مەیم خواردبێتەوە بۆم بووبێتە مایەی کێشە یان گرفت لەلایەن خەڵکی دەوروبەرەوە یان لە سەر شۆستەو شەقامەکان ئەوەندەی کە من تێبینیم کردووە بەبەردەوام لەو کارانەی کە من کردوومن یان ئەو کارەکتەرانەی کە من بینیومن هەستم بەوە کردووە کە بینەر زیاد لە پێویست خۆشیان ویستووم.

*** بۆچی حەز دەکەی لە خانەوادەکەتان تەنیا تۆ دەربکەوی؟**

-ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەم بیانەوێ ببن بە ئەکتەر حەقی خۆیانە لە ژیانمدا بڕوام بە پسپۆری هەیە، بە مافی خۆمی دەزانم تەنیا خۆم ببم بە ئەکتەر، چونکە لە هەموو تەمەنمدا جگە لە ئەکتەری و خوێندنەوەی نواندنی ئەکتەری لەهیچ بوارێکی تردا خۆم سەرقاڵ نەکردووە، بۆیە پێمخۆشە تەنیا خۆم بم.

*** تۆ هەمیشە هاوڕێی مێینەت هەیە، تۆ بڵێی هۆکاری ئەم هاوڕێیەتییە بەردەوامە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێیینە، هەموو بونەوەرەکانی خودا هەر لە ئاژەڵەوە تا ژیانی مرۆڤایەتی پێکهاتووە لە نێرینەو مێینە، وەك سرووشتی خۆم حەزم لە دانیشتن و هاوڕێیەتی رەگەزی مێینەیە، چونکە کەمتر کێشەت بۆ دروست دەکات وەك لە نێرینە، بە ئەزموونەوە دەیسەلمێنم ئەو هاوڕێیەتیەی لەگەڵ مێینەدا هەم بووە ئەگەر بۆ ساتە وەختێکیش کێشەیان بۆ دروست کردبێتم، ئەو کێشەی ئەوان یان ئەو جۆرە خەمەی ئەوان بۆیان دروست کردبێتم جۆرێك لە خۆشحاڵی تێدایە. بەڵام لەگەڵ پیاوەکان ئەگەر تووشی کێشەیەك یان گرفتێك هاتبم لەئەنجامی رکەبەرایەتیەك بووە نەك لەوەوە منیش بووم بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناخەوە ئارام بم حەزم لە هاوڕێیەتی مێینەیە. سەد لەسەد عەشق بە مێیینە دەبەستمەوە.

**بۆ ئەوەی بەردەوام لە ناخەوە ئارام بم حەزم لە هاوڕێیەتی مێینەیە. سەد لەسەد عەشق بە مێیینە دەبەستمەوە**

*** بیستوومانە زۆر گرنگی بە تەندروستی خۆت دەدەی و حەزیش لە ئۆتۆمبێل ناکەی بۆچی؟**

- ئەکتەر بۆ ئەوەی بتوانێت پێکهاتە شانۆییەکانی سەر شانۆ بە بەردەوام پڕبکاتەوە و بیخاتە جووڵەوە پێویستە زۆر ئاگای لە تەندروستی خۆی بێت، ئەکتەری شانۆیی پێویستی بە دەنگێکی زووڵاڵ هەیە. دەنگێکی خۆشی هەبێت گوێ بێزار نەکات جەستەیەکی جوانی هەبێت قەڵەو پڕ نەبێت جەستەیەك بێت بزێو بێت بەردەوام لە جووڵەدا بێت.

ئەمانە وایلێکردووم گرنگی بە تەندروستی خۆم بدەم، هەرچەندە ئێستا لەو گرنگی دانەم بە جەستەم کەم بۆتەوەو تەمەڵیم تێدا کردووە، من کە لەشارێکدا دەژیم دەتوانم ئەمسەر و ئەوسەری پێبکەم بەپێ پێویستیم بە ئۆتۆمبێل بۆچی بێ.

*** لەپیری ناترسی؟**

- پێموانیە کەسێك هەبێت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لەمردن نەترسێ یان لە قۆناغی پێش مردنیش کەپیرییە، پیری لە گەنجێتی ئەهوەنترە، چونکە هەندێك پیری هەیە لەبەرئەوەی بە بەردەوام بەرهەمت هەیە دەجوڵێیت و کاردەکەیت، شتت هەیە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەی من ئەو جۆرە پیرییە بە پیری گەنجێتی دەدەمە قەڵەم، پیرییە لەناو گەنجێتی داو گەنجێتیە لەناو پیریدا، لەکۆتاییدا پیری بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتە.






www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com